ئایدن مەعروف:سەرباری بڕیارکەی دادگای فیدراڵی و نەهێشتنی کورسی کێتا بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەین

ئایدن مەعروف، وەزیری هەرێم بە بەڕێوەبردنی دەسپێکی کاروباری پێکهاتەکان رایگەیاند، وەکو بەرەی تورکمانی عێراق بڕیاریانداوە ئەگەر کورسی کێتاکان هەبێت یاخود نا بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، دەشێت، لەگەڵ ئەوەدان ئەو گرفتانەی لە نێوان لایەنەکاندا هەیە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت.

ئایدن مەعروف ، لەمیانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەبارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی پەیوەست بە نەمانی کورسی کێتاکان لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند، "بڕیارەکەی دادگا لە دەرەوەی یاسا بو، دژی سیستمی کێتا و دژی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئایینەکان بو لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەتەواوی بڕیارێکی سیاسی بوە و غەدرێکی گەورە بوە کە لە پێکهاتەکان کرا".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو لایەنانەی کە ئێستا بەدەست بە خێیان هەژماری دەکەن رەنگە لە لە داهاتودا "پاشگەز ببنەوە" چونکە بڕیارەکە مەبەستی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان و

قەوارەی هەرێمی کوردستانە، بێیە داوا لە لایەنەکان دەکەن هەڵوێستیان هەبێت.

ئایدن مەعروف باسی لەوەشکرد، پێشوازی لە وادەی بەڵێنەوەچونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن و پێویستە هەمو لایەنەکان لەوبارەیەوە کار بۆ هەڵبژاردنێکی خاوێن بکەن، "وەکو بەرەی تورکمانی عێراقیش ئەگەر کورسی پێکهاتەکان هەبێت یاخود نا بەشداری هەڵبژاردن دەکەین".